مەسرور بارزانی: قبوڵی ناکۆکین دەستکاری ئەنجامی هەڵبژاردن بکرێت



مەسرور بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، ئەنجامی هەڵبژاردن ڕاگەیەندراوە و وەکو پارتی هیچ هەوڵێك بۆ گۆڕینی ئەنجامەکان قبوڵ ناکەین. دەشڵێت، "پێویستە یاسای هەڵبژاردن بگۆڕدرێت، چونکە ئەمەی ئێستا دادپەروەرانە نیە".

مەسرور بارزانی، ئەمڕۆ چوارشەممە لە میانەی کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە دهۆك ڕایگەیاند، هەموو لایەك شایەتی ئۆویان بۆ ئەدەن کە پارتی هەر لە سەرەتاوە ویستوێتی کابینەی حکومەتی هەرێم زوو دەستپێبکات. لایەنەکانی تر ئەبێ بەرپرسیارێتی دواخستنی هەبگرن.

ئاماژەی بۆوشکرد، هەرچەندە یاسای هەڵبژاردن هیچ دادپەروەرییەکی تێدا نەبو، لە کاتێکدا پارتی بە زیاتر لە یەك ملیۆن و 100 هەزار دەنگ تەنیا 27 کورسی بەدەستهێناوە، بەڵام لایەنی دیکە هەن بە 680 هەزار دەنگ کە نیوەی دەنگەکانی پارتییە، ئۆوش کۆشێیەکی یاساییە و پێویستە یاساکە بگۆڕدرێت.

مەسرور بارزانی، دەستکاریکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی ڕەتکردەوە و دوپاتی کردەوە، "ئەمە وەك پارتی قبوڵی ناکۆکین دەستکاری ئەنجامی هەڵبژاردن بکرێت".